# دەوڵەت لە نێوان ئاین و سیکۆلاریزمدا



**کارل مارکس**

کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: ئەنوەر نەجمەدین
نۆڤامبری ٢٠١٧

## سەرەتا

ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی دەوڵەتی کردە دەوڵەتێکی بێ دین -ملحد- ئەوە ئەو برجوازیەتە بوو کە لە ئاستێکی مێژوویی دیاریکراوی گەشەسەندنیدا، ئاینی بە ڕێگر دەزانی لەبەردەم گەشەی موڵکدارێتیەکەی و ئابووریە لیبرالیستیەکەیدا کە مافی مرۆڤ، واتە مافی موڵکدارێتی تایبەتی، ئامانجە ڕاستەوخۆکەی بوو. ئەو مافە لە دەستووری ئەمریکی ١٧٧٦ و دەستووری فەرەنسی ١٧٩١ - ١٧٩٣ دا، چەسپێنرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، جیابوونەوەی یاسایی دین لە دەوڵەت لە فەرەنسادا، دواکەوت هەتا ساڵی ١٩٠٥، ئەودەمە بە فەرمی، دین و دەوڵەت لێک جیاکرانەوە. لە بریتانیایشدا، دەوڵەت، کە یەکێکە لە کۆنترینی دەوڵەتە هاوچەرخەکانی سەر گۆی زەوی، هەتا ئێستایش دین و دەوڵەت بە یاسا لێک جیا نەکراونەتەوە (لە ئیرلەندەدا نەبێت). سویدیش کە یەکێکە لە وڵاتە هەرە مەدەنیەکانی سەر زەوی، ساڵی ٢٠٠٠ بە یاسا دین لە دەوڵەت جیاکرایەوە، بەڵام کڵێسا لە سویددا، یەکێکە لە دەسەڵاتە ئابووریە هەرە گەورەکان و موڵکدارە هەرە گەورەکانی ئەو وڵاتە. لە وڵاتە ئیسلامیەکانی خۆرهەڵاتیشدا، تورکیاو چەند وڵاتێکی تر بە سیکۆلار دەژمێردرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، مارکس واتەنی:

"هەڵوێستی دەوڵەت، بەتایبەتی دەوڵەتی ئازاد، بەرامبەر بە دین، هیچ نیە هەڵوێستی ئەو خەڵکە نەبێت بەرامبەر بە دین کە خۆیان دەوڵەت پێکدەهێنن".

"ئەندامانی دەوڵەتی سیاسی خۆیان ئاینیین، ئەمەیش بە دوولایەنەی ژیانی فەردی و ژیانی کۆمەڵایەتی، ژیانی کۆمەڵگای برجوازی و ژیانی سیاسی. ئەوان ئاینین بەو واتایەی مرۆڤ وای دادەنێت ئەو ژیانە سیاسیەی دەکەوێتە پشت فەردیەتە تایبەتیەکەی خۆیەوە، ئا ئەوە ژیانە ڕاستەقینەکەیەتی. ئەوان ئاینین، ئەمەیش بەو مانایەی ئاین لێرەدا، ڕۆحی کۆمەڵگای برجوازیە، وە دەربڕی ئەو شتانەیە مرۆڤ دادەبڕێت لە مرۆڤ و دووریان دەخاتەوە لە یەکتر" .. "ئەو دەوڵەتەی ناودەبرێت بە دەوڵەتی مەسیحی پێویستی بە دینی مەسیحیە بۆ کامڵ بوونی وەک دەوڵەت، دەوڵەتی دیموکراسییش، دەوڵەتی ڕاستەقینە، پێویستی بە دین نیە بۆ کامڵ بوونە سیاسیەکەی، بەڵکو ئەو بەپێچەوانەوە دەتوانێت واز لە دین بهێنێت، لەبەر ئەوەی بنچینە مرۆییەکانی دین بە شێوەیەکی دونیایی تیایا بەرجەستە بووە .. دیموکراسیەتی سیاسی خۆی مەسیحیەتە .. هۆشیاری ئاینی و تیۆلۆژییش بە تەواوی، لە دیموکراسیەتدا دەردەکەوێت، لە دیموکراسیەتدا ئاینی تریش و تیۆلۆژیشی تریش دەنوێنێت".

كارل ماركس، حول المسألة اليهودية

## پێشینەیەکی مێژوویی

با کەمێک بە مێژوودا بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بۆ ئەو دەمەی پاپاکان، وەک پارێزەری موڵکدارێتی دەرەبەگایەتی، چەندان سەدە، پاسەوانی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بوون و دەسەڵاتیان وەک نوێنەری ئاسمان دەناساند لەسەر زەوی، ئەمە ئەگەرچی خۆشیان دەکەوتنە ناکۆکی لەگەڵ پادشاکان بۆ تامی دەسەڵات.

هەر لە سەدەی سیانزەهەمەوە، بزووتنەوەیەکی بازرگانی گەورە؛ کەوتە سووڕانەوە بە ئەوروپادا؛ کە ئەوە بۆ خۆی، سەرەتای بزووتنەوەی گلۆبالیزم بوو. ئەو بزووتنەوە بازرگانیە، سیستمی هەزاران ساڵەی دەرەبەگایەتی لەقاندو لە بۆگەن بوونی یەکجارەکی نزیکی کردەوە. بۆیە دەرەبەگایەتی وەک چینێک و کڵێسایش وەک پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئەو چینە دەرەبەگە، کەوتنە بەربەرەکانیەکی توندی ئەو بزووتنەوە مێژووییە، بە ئاستێک، کڵێسا، لە بەرهەڵستی مەعریفە زانستیەکاندا، چەندانی وەک کۆبەرنیکۆس و گالیلۆی دەخستە ئاگرەوەو دەیسووتاندن، وە زۆر بە توندی ڕایدەگەیاند، موڵکدارێتی دەرەبەگەکان، دیاری ئاسمانەو کەس بۆی نیە دەستکاری پیرۆزیەکان بکات، دەسەڵاتەکەیشیان دەسەڵاتی خودایە لەسەر زەوی.

ئەم ڕێگریە کۆنەپەرستانەیەی کڵێسا، بەرهەڵستیەکی گەورە دەکرا. وە خودی بەرهەڵستیە جەماوەریەکان بۆ خۆیان، پەرچەکردارێک بوون دژی ستەمکاریەکانی کڵێسا. هەر ئەوەیش، پیاوانی ئاینیی بەکێش کردە نێو بزووتنەوەی ڕیفۆرمەوە. بۆ نموونە: مارتن لۆسەری ئەڵمانی (١٤٨٣-١٥٤٦)، کە یەکێک بووە لە قەشەکانی ئەو سەردەمەو پرۆفیسۆری تیۆلۆژی بووە، دەبێتە پێشڕەوی ڕیفۆرمی ئاینیی و بە دژایەتی گەلێک لە زانیاری و کردارەکانی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی، ئاینییەکان بەرەو سیکۆلاریزم بەکێش دەکات. مارکس واتەنی:

"لۆسەر پیاوانی ئاینیی کردە سیکۆلار، ئەمەیش بەکردنی سیکۆلارەکان بە پیاوانی ئاینی، مرۆڤی ڕزگار کرد لە تەقوای دینی دەرەوەو تەقوای دینی کردە هۆشیاری مرۆڤ .. جا ئیتر ئەگەر پرۆتستانتی چارەسەرێکی ڕاستەقینەی کێشەکەیش نەبووبێت [کێشەی سیکۆلاریزم]، لای کەم، ڕێگایەکی دروست بووە بۆ خستنەڕووی بابەتەکە. وە ئیتر لەو کاتەیشەوە ئەمە وەک تێکۆشانی سیکۆلارێک نەمایەوە دژی قەشەیەک لە دەرەوەی قەشە خۆیدا، بەڵکو بووە خەباتی خودی قەشە خۆی دژی قەشەیەتی لەناو خودی خۆیدا، دژی سروشتە قەشەگەراییەکەی" کارل مارکس:

،A Contribution to the Critique of Hegel’s Philosophy of Right ،Works of Karl Marx 1843 Introduction

## شۆڕشی برجوازی

بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازانەی سەدەی شانزەهەمی ئەوروپا، لە لایەک؛ دژ بە ستەمی دەرەبەگایەتی و کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی سەریهەڵداو؛ لەلایەکیش دژ بە باجی قورس و پسوڵەی بەخشین (صكوك الغفران) کە کڵێسا وەک گفتی بەهەشت، بە خەڵکی دەفرۆشت. پێشڕەوی بزووتنەوەکەیش، برجوازیەت بوو کە خۆی، لەو سەردەمانەدا، هێشتا چینێکی ڕەنجکێش بوو، ئەو برجوازیەتەی چیتر ڕازی نەدەبوو سوڵتانی پادشایەتی؛ دەسەڵاتی یەزدان بێت لەسەر زەوی و بەناوی پیرۆزیەکانی ئاسمانەوە، مافی موڵکدارێتیەکەی لێ زەوت بکات، ئەو موڵکدارێتیەی لەگەڵ درێژبوونەوەی سنوورەکانی سەرمایەداریدا لە ئەوروپاوە بەرەو ئەمریکاو ئاسیاو ئوسترالیاو پێشکەوتنی ئامرازەکانی هاتووچۆو گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ڕێی دەریاوانی و کردنەوەی بازاڕی جیهانیدا بەڕووی کاڵا بەرهەمهێنراوە پیشەسازیەکانی ئەوروپادا، هەموو پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکانی هەڵدەوەشانەوە. ئەمەیش، سەپاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداریی خێراتر کرد، ئەو چینەی بە شۆڕش، جێگای بە دەسەڵاتی ڕەهای دەرەبەگایەتی چۆڵ کرد. هەردوو شۆڕشی ئینگلیزی ١٦٤٠ و ١٦٨٨ وە شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، لەو شۆڕشانە بوون کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانیان لە دەرەبەگایەتیەوە، دەگۆڕی بە پەیوەندی سەرمایەداری. ئا ئەمەیش ئەو بزووتنەوە ڕۆشنگەریە دونیاییەی دەخستەڕێ کە بە سیکۆلاریزم-العلمانية-Secularism دەناسرا، بزووتنەوەیەک کە هەموو پەردەیەکی عاتیفی و دینی دەرەبەگایەتی تێکدەشکاندو سوودمەندیی دونیایی و تیۆریەکانی، دەخستە جێگایان، ئەمەیش نەک هەر لەسەر ئاستی ئەوروپا، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو جیهان. مارکس واتەنی:

"ئیتر ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی بۆ سەروەرەکان و شارەکان و ئاینیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، گۆڕدرا بە ئیمتیازاتی پاشکۆیەتی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی یەکگرتوو. ئەو دەسەڵاتە سەروەرە، دەرەبەگەکانیشی کردە کارمەندی کارگێڕیی پاشکۆ بە دەوڵەت. خزمەتکارانی دەرەبەگەکان و هەرەوەزکاریەکانی شارەکانیش، لە چەک داماڵران و خرانە بەر دەستی سوپای هەمیشەیی. پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی دەسەڵاتی دەوڵەت بە دابەش بوونێکی ڕێکوپێک و زنجیرەداری کار، خرایە جێگای ئاژاوە زاڵە ناکۆکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. شۆڕشی فەرەنسی کە لەسەری بوو یەکێتی نیشتمانی بەهێز بکات (بۆ دروستکردنی نەتەوە)، هەموو سەربەخۆییە ناوخۆییەکانی تێکوپێکشکاند، ئیتر ئەمە بە زەوی و شارو ناوچەوە. وە لەگەڵ بەردەوام بووندا بۆ تەواوکردنی ئەوەی پادشایەتی ڕەها دەستی پێکردبوو، بە زۆرەملێ، گەشەی دەدا بە سێنترالیزەکردن و ڕێکخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت و فراوان بوونی بازنەکەی و زیاد کردنی ئامرازەکانی و فراوان کردنی سەربەخۆییەکەی و فەرمانەکانی بەسەر کۆمەڵگادا - ئەو سەروەرێتیە خرایە جێگای سەروەرێتیە ئاسمانیە سروشتیە بەرزەکەو هەموو قەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش. وە ئیتر هەموو سوودێکی بچووکی پەیوەندی نێوان بەشە کۆمەڵایەتیەکان، لە کۆمەڵگا جیاکرانەوەو لێیشیان سەربەخۆ کران، بەڵکو کرانە دوژمنی کۆمەڵگایش بە ناوی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەوە .."

کارل مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە

بەڵام شۆڕشی برجوازی، هیچ نەبوو "شۆڕشێکی سیاسی" نەبێت، وە هەرگیز نەیتوانی دەست بۆ سیستمی چەوساندنەوە ببات، بەڵکو تەنها، شێوازی بەهەمهێنان و ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی و کڵێسای هەڵوەشاندەوەو فۆرمێکی سەرمایەداریانەی لە ئیمتیازاتی برجوازیانە خستە جێگای. لیبرالیزم و مۆدێرنیزم و دەوڵەتی سیکۆلاریش، هیچ نەبوون ڕەگەزەکانی سیستمێکی نوێی کۆیلایەتی نەبێت، ئەو سیستمەی بە چەندان نوێنەری وەک ڕۆبسبێرو ناپلیۆن، چەندان شۆڕشی وەک شۆڕشی کۆمۆنەیان لە خوێنی خۆیدا نوقم کرد.

دەبا ئێستایش، بەر لە شۆڕبوونەوە بۆ ناو باسی (دەوڵەت لەنێوان ئاین و سیکۆلاریزمدا) لە دیدی مێژوویی مارکسەوە، ببینین مارکس چۆن لە خودی دەوڵەت خۆی دەدوێت.

# دەوڵەت

کارل مارکس

"ئەو سێنترالیزەبوونەی دەوڵەت لە کۆمەڵگای هاوچەرخی دەخوازێت، ئەوە تەنها لەسەر بنەمای لەناوچوونی داروپەردووی ئەو فەرمانڕەوایەتیە سەربازیە بیرۆکراسیە سەریهەڵداوە کە لە خەباتدا دژی دەرەبەگایەتی دروست بووە".

مارکس، الثامن عشر من برومير "لويس بونابرت"

"دەسەڵاتی دەوڵەت بەکردەوە لە دەستکردی برجوازیەتە، یەکەم وەک ئامرازێک لە پێناوی سەرکەوتندا بەسەر دەرەبەگایەتیدا، وە هەروەها وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت کردنی هەوڵەکانی بەرهەمهێنەران -چینی کرێکار- بۆ ڕزگار بوون. هەموو کۆنەپەرستان و هەموو شۆڕشەکانیش هیچیان نەکردووە تەنها گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتە ڕێکخراوە نەبێت، -ئەم هێزە ڕێکخراوە لە پێناوی چەوساندنەوەی کاردا-، لە چەند دەستێکەوە بۆ چەند دەستێکی تر، لە بەشێک لە چینە سەروەرەکانەوە بۆ بەشێکی تریان. دەسەڵاتی دەوڵەتەیش بۆ چینە سەروەرەکان، هەر تەنها هۆکارێک بووە بۆ چەوساندنەوەو دەوڵەمەند بوون ...".

مارکس، کۆمۆنەی پاریس

"تەنانەت سیاسیە ڕادیکالە شۆڕشگێرەکانیش، لە جەوهەری دەوڵەت خۆیدا، بۆ ئەسڵی شەرانیەتی دەوڵەت ناگەڕێن، بەڵکو لە شێوەیەکی دیاری کراوی دەوڵەتدا بۆ ئەو شەرانێتیە دەگەڕێن، بۆیە دەیانەوێت ئەم شێوەی دەوڵەت بگۆڕن بەو شێوەی تر. بەڵام لە تێڕوانینی سیاسیەوە، دەوڵەت و بونیانی کۆمەڵگا دوو شتی جیاوازنین لە یەکتر. دەوڵەت بونیانی کۆمەڵگایە ... دەوڵەت لەسەر ناکۆکی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی، لەسەر ناکۆکی بەرژەوەندیە گشتیەکان و بەرژەوەندیە تایبەتیەکان وەستاوە ... لەو شوێنەدا کە ژیانی مەدەنی و کاری مەدەنی دەست پێدەکات، لەو شوێنەدا دەسەڵاتی دەوڵەت کۆتایی دێت ... بوونی دەوڵەت و بوونی کۆیلایەتی جۆرێک پێکەوە بەستراون کە لێک جیاناکرێنەوە".

مارکس، ملاحظات انتقادية على مقالة "البروسي": "الملك البروسي والاصلاح الاجتماعي، ١٨٤٤

"تەنها لە کۆمەڵدا، لەنێو ئەوانی تردا، هەموو تاکێک، کەرەسەکانی گەشەپێدانی تواناکانی خۆیی دەست دەکەوێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە ئازادیی شەخسی بوونی نیە لە کۆمەڵگەی هاوبەشدا نەبێت. لە سیستمەکانی ڕابووردوودا کە وەک بەدیلی کۆمەڵ دەردەکەون، لە سیستمی دەوڵەتدا، ئازادی شەخسی بوونی نیە تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لە چوارچێوەی پەیوەندیە چینایەتیە سەروەرەکاندا، پێشدەکەون".

مارکس، الايديولوجية الالمانية، ١٨٤٦

"دەوڵەت ئەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لە بەربەستێک بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ لەو بەربەستە ڕزگاری بووبێت، دەوڵەت ئەتوانێت ئازاد بێت بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئازادبێت تیایا".

کارل مارکس، حول المسألة اليهودية. ١٨٤٤

با ئێستایش شۆڕبینەوە بەرەو باسەکەمان و لە مێژووی سیکۆلاریزمەوە دەستپێبکەین.

# مێژووی سیکۆلاریزم

مێژووی سیکۆلاریزم، واته دەوڵەتی بێ دین، دەگەڕێتەوە بۆ ١٧٠٠- سەدەکانی ئەمریکای باکووری.

کارل مارکس

"مەسەلەی یەهودیەت، دەلیلە تیۆلۆژیەکەی خۆیی وون نەکردووەو نەبۆتە مەسەلەیەکی سیکۆلاری، تەنها لە وڵاتە ئازادەکانی ئەمریکای باکووریدا نەبێت، یان لای کەم لە چەند وڵاتێک لەو وڵاتانەدا.

«لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەوڵەت دینێکی نیە، وە یان دینێک بەو واتایەی دینی زۆرینە بێت، یان دینێک لە سەروو دینێکی ترەوە بێت. دەوڵەت سەربەخۆیە لە هەموو دیانەتەکان» (ماری، کۆیلەی زەوی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، هتد، دانەر ج. دی. بومون، پاریس ١٨٣٥، ل : ٢١٤). بەڵکو لە ئەمریکای باکووریدا ووڵات هەیە «دەستوور تیایا هیچ عەقیدەیەکی دینی وە یان خواپەرستیەک وەک مەرجێکی ئیمتیازی سیاسی، ناسەپێنێت» (هەمان سەرچاوە-٢٢٥). لەگەڵ ئەوەیشدا «ئەو باوەڕە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا نیە کە کەسێک دینی نەبێت ئیتر ئەوە ئەتوانێت کەسێکی شەریف بێت» (هەمان سەرچاوە-٢٢٤). لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەمریکای باکووری، بەشێوەیەکی تایبەتی، هەروەک وڵاتی ئاینپەروەری ماوەتەوە، هەروەک هەریەکە لە بومون، تۆکفیل، وە هاملتونی ئینگلیزی دەڵێن. بەڵام ووڵاتەکانی ئەمریکای باکوور، خزمەتێکمان پێناگەیەنن تەنها وەک نموونەیەک نەبێت. مەسەلەکەیش ئەوەیە: ئایا پەیوەندی ئازادی سیاسیی تەواو؛ چیە بە دینەوە؟".

"سنووری ڕزگاری سیاسی هەر یەکسەر لەم واقیعەدا دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لە بەربەستێک بەبێ ئەوەی مرۆڤ لەو بەربەستە ڕزگاری بووبێت بەکردەوە، واتە ئەوەیە کە دەوڵەت دەتوانێت ئازاد بێت بەبێ ئەوەی مرۆڤ تیایا ئازاد بێت .. واتە دەوڵەت دەتوانێت لە ئاینێک ڕزگاری بووبێت، ئیتر با زۆربەی زۆریشیان ئاینی بن .. بەڵام هەڵوێستی دەوڵەت، بەتایبەتی دەوڵەتی ئازاد بەرامبەر بە دین، هیچ نیە هەڵوێستی ئەو خەڵکە نەبێت بەرامبەر بە دین کە خۆیان دەوڵەت پێکدەهێنن. هەربەوجۆرە، ئەو مرۆڤەی بەهۆی دەوڵەتەوە ڕزگار دەبێت، ئەوە بەشێوەیەکی سیاسی لە بەربەستێک ڕزگاری دەبێت ... لە لایەکی ترەوە، ئەو مرۆڤەی ڕزگار دەبێت، ڕزگاریەکی سیاسی، ئەمە بەهۆی نێوەندگیرێکەوەیە، لە واقیعیشدا نێوەندگیرێکی پێویستە [مەبەست دەوڵەتە]. وە لە دواییشدا مرۆڤ، کاتێک ئیلحادی خۆی ڕادەگەیەنێت بەهۆی دەوڵەتەوە، واتە کاتێک ڕایدەگەیەنێت دەوڵەت دەوڵەتێکی ملحدە، ئەو مرۆڤە هەمیشە لە تێڕوانینی ئاینیەوە سنووردار دەمێنێتەوە ... دەوڵەت نێوەندگیری نێوان مرۆڤ و ئازادیەکانیەتی، ئەمە هەروەک چۆن مەسیح ئەو نێوەندگیرەیە کە مرۆڤ هەموو یەزدانگیری و هەموو سنوورە دینیەکانی خۆیی خستۆتە ئەستۆی، دەوڵەت ئەو نێوەندگیرەیە کە مرۆڤ ئینسانیەتی خۆیی و هەموو سنوورە مرۆییەکانی خۆیی خستۆتە ئەستۆ".

"هەڵوێستی دەوڵەت، بەتایبەت دەوڵەتی ئازاد، بەرامبەر بە دین، هیچ نیە هەڵوێستی ئەو کەسانە نەبێت بەرامبەر بە دین کە دەوڵەت پێکدەهێنن"، "ئەو دەوڵەتەی ناودەبرێت بە دەوڵەتی مەسیحی، بە پێچەوانەوە هەڵوێستێکی سیاسی وەردەگرێت بەرامبەر بە دین، وە هەڵوێستێکی دینییش بەرامبەر بە سیاسەت"، هەرگیز ڕۆحی دینی وەدی نایەت ئەگەر پلەی گەشەسەندنی زیهنی مرۆڤ .. لە شێوە دونیاییەکەیدا وەدەرنەکەوێت. هەر ئەمەیشە لە دەوڵەتی دیموکراسیدا ڕوودەدات. ئەوەیشی بنەمای ئەو دەوڵەتەیە، ئەوە مەسیحیەت نیە، بەڵکو بنەما ئینسانیەکەی مەسیحیەتە"، "هۆشیاری دینی و تیۆلۆژی خۆی بۆخۆی لە دیموکراسیەتێکی کامڵدا وەدەردەکەوێت، زیاتر لەوەیشی کە هەیە، ئاینیش و تیۆلۆژیشە".

کارل ماركس، حول المسألة اليهودية. ١٨٤٤

# دەوڵەت لە نێوان ئاین و سیکۆلاریزمدا

کارل مارکس

"هەڵەی برۆنۆ  باوەر لەو واقیعەدا دەبینین کە ئەو ڕەخنەی "دەوڵەتی مەسیحی" دەگرێت نەک ڕەخنەی "دەوڵەت لە خودی خۆیدا"، وە باوەر پەیوەندی نێوان ڕزگاری سیاسی و ڕزگاری مرۆڤایەتی ناپشکنێت .. ئەو بەهۆی هەژاریەکەیەوە لە هەستی ڕەخنەگرانەدا، ڕزگاری سیاسی  تێکەڵ دەکات بە ڕزگاری مرۆڤایەتی".
"بەڵام بەلای ئێمەوە مەسەلەی پەیوەندی ڕزگاری سیاسی بە ئاینەوە، لە مەسەلەی ڕزگاری سیاسیەوە تێپەڕ دەکات بۆ مەسەلەی ڕزگاری ئینسانی. وە ئێمە ڕەخنەی ئاینیی دەوڵەتی سیاسی، بە ڕەخنەی دەوڵەتی سیاسی خۆی دەگرین لە بونیانە دونیاییەکەیدا، ئیتر ئەمە بەچاوپۆشین لە کەموکوڕیە ئایینیەکانی دەوڵەت".

ماركس، حول المسألة اليهودية

"کۆی ڕەخنەی فەلسەفی ئەڵمانی لە شتراسەوە هەتا شترنر هەر لە تێڕوانینە ئاینیەکاندا کورت دەکرێتەوە .. (مارکس لە پەراوێزەکەدا ئەمەیش زیاد دەکات و دەڵێت): ئەمانە هەمیشە وایان لە دین دەڕوانی وەک ئەوەی گەورەترین دوژمن بووبێت، وەک ئەوەی دین دواین هۆکاری هەموو ئەو پەیوەندیانە بووبێت کە ووروژێنەری ڕقی ئەو فەیلەسوفانە بووە، بۆیە ئەوان مامەڵەی ئەو بارودۆخەیشیان هەر لەسەر ئەم بنەمایە کردووە".

الايديولوجية الالمانية

"ئەگەر بوونی دین بوونی کەموکوڕیەک بێت، ئەوا ئەسڵی ئەو کەموکوڕیە لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێت تەنها لە جەوهەری خودی دەوڵەت خۆیدا نەبێت. لەلای ئێمە دین ناکرێتە بناغەی ئەو کەموکوڕیانە، بەڵکو ئەمە تەنها دیاردەیەکە لە سنووردارییی شتە دونیاییەکاندایە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە ئێمە بەرتەسکیی ئاینیی هاوڵاتیە ئازادیخوازەکان بە بەرتەسکی دونیایی لێکدەدەینەوە. وە ئێمە هەرگیز واینابینین ئەو ئازادیخوازانە لەسەریانە سنوورە ئاینیەکانیان لەناوبەن بۆ ئەوەی بەربەستە دونیاییەکانیان هەڵبوەشێننەوە. ئێمە مەسەلە دونیاییەکان ناگۆڕین بە مەسەلەیەکی تیۆلۆژی، بەڵکو مەسەلە تیۆلۆژیەکان دەکەینە مەسەلەی دونیایی. وە دوای ئەوەی زەمەنێکی درێژ، مێژوو لەم وەهمەدا وون کراو بوو، ئێمە چارەسەری ئەم وەهمە دەخەینەوە بەر تیشکی مێژوو".

ماركس، حول المسألة اليهودية

"لەو شوێنەدا کە دەوڵەت دەگاتە گەشانەوەی ڕاستەقینەی خۆی، ئیتر لەو شوێنەدا، مرۆڤ لە ئایدیاو ویژداندا ناژی، بەڵکو لە واقیعدا دەژی، لە ژیاندا، ئیتر ژیانێکی دوولایەنە دەژی، ئاسمانی و ئەرزی".

"ناکۆکی ئێستای نێوان هێزی سیاسی واقیعی دینی یەهودی و مافە سیاسیەکانی، بوونی ناکۆکی نێوان سیاسەت و هێزی پارەیە. سیاسەت لەڕووی تیۆریەوە لەسەروو پارەوەیە، بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە کۆیلەی پارەیە. یەهودیەتیش لە مێژوودا ژیاوە نەک دژی مێژوو. کۆمەڵگای برجوازییش بەردەوام لە ڕەحمی تایبەتیی خۆیدا، بەبێ وەستان یەهود دروست دەکات. کەواتە بناغەی ئاینی یەهودی چیە لە زاتی خۆیدا؟ سوودمەندیی بەکردەوەیە، ئێگۆیزمە. واتە یەکپێگرتنەوەی یەهودیەت لە واقیعدا، ژمارەیەکی جیاوازە لە پێداویستی، ئەویش هاوبەشیە کە ئارەزووکارییش دەکاتە مەبەستێکی یاسایی یەزدانی. کردەو ئێگۆیزم، بنەمای کۆمەڵگای برجوازیە. ئەمانەیش هەر بەوجۆرە دەردەکەون لە

شێوە ڕووتەکەیاندا، ئیتر ئەمە هەر لەو کاتەوە کە کۆمەڵگای برجوازی؛ دەوڵەتی بەتەواوی تێدا لەدایک بووە. وە خودای پێداویستیە بەکردەوەکان و ئێگۆیزمی تێدا بووە بە پارە. پارە خوای ئیسرائیلێکی بە تەماعە، وە هیچ خوایەکی تر ناتوانێت لەبەردەمیدا بژی. پارە هەموو خواکانی مرۆڤ دادەبەزێنێت و دەیکاتە کاڵا. پارەیش بەهای گشتیەو هەر لە زاتی خۆیشیدا بەرابەری هەموو شتێکە. هەر لەبەر ئەمە هەموو جیهان  لە بەها تایبەتیەکەی خۆی داماڵراوە، جیهانی مرۆڤیش و جیهانی سروشتیش. پارەیش جەوهەری ئەو مرۆڤەیە دابڕێنراوە لە مرۆڤ، ئەو جەوهەرە غەریبە زاڵ دەبێت بەسەریداو دەیچەوسێنێتە. خوای یەهودیش بووە بە خوایەکی دونیایی و بۆتە خوای خەڵکییش. بانکداری بۆتە خوای ڕاستەقینەی جوولەکە. خواکەیان هیچ نیە بانکداریەکی وەهمی نەبێت.

ماركس، حول المسألة اليهودية

"کاری فیۆرباخ بریتییە لەوەی دونیای ئاینیی لە نێو دونیای سێکولاریدا بتوێنێتەوە.

ئەو -واتە فیۆرباخ- ئەو واقیعەی بیر دەچێت دوای ئەوەی ئەم کارەیش ئەنجامدەدرێت، هێشتا شتە سەرەکیەکە هەر ماوە بە ئەنجام بگەیەنرێت. لە ڕاستیدا بنچینەی سیکۆلار لە خۆی دادەبڕێت و دەکەوێتە نێو هەوروهەڵایەکەوە (تەم و مژێکەوە) وەک ئەوەی گوایە ئەمە مەملەکەتێکی سەربەخۆ بێت کە هیچ توانایەک نەمێنێت بۆ شیکردنەوەی تەنها بە ناکۆکیە جەوهەریە ناوخۆییەکەی ئەم بنچینە سیکۆلارە نەبێت (مەبەست ناکۆکی سیکۆلاریزمە لەگەڵ ئاین). بەڵام پێویستە ئەمەی دوایی -(واتە بنچینەی سیکۆلار)- لە ناکۆکیەکەی خۆیدا تێبگەین، پاشان بە لەناوبردنی ئەو ناکۆکیە، بە شۆڕشگێر کردنی ئەو ناکۆکیە تێی بگەین".

ماركس، أطروحات فيورباخ

**پوختە:**

گەشەی سەرمایەداری، لەژێر ئەم ناونیشانانەدا کۆبووەوە: لیبرالیزم، مۆدێرنیزم، سیکۆلاریزم، کە پێشینە مێژووییەکەی بازاڕی ئازادو ئاژاوەی بەرهەمهێنان و مافی مرۆڤە لە موڵکدارێتیەکی ملکەچدا بۆ ڕکابەری. ئەمەیش ڕزگاری سیاسی بەداوی خۆیدا هێنا، واتە ئازادی تاک لە ڕکابەریدا، ڕزگار کردنی دەوڵەت لە ئاین. ئەمانە تێکڕا، چەوساندنەوەیان مۆدێرن کرد، سیستمی سیاسییان سیکۆلار کرد، مرۆڤیان بە یەکتر نامۆ کرد، تەواوی مرۆڤایەتییشیان لەناوخۆیدا، کردە گەردیلەی دژ بەیەک. بۆیە هەر لەوێوە، باسەکە لە باسی ڕزگاری سیاسیەوە، لە باسی سیکۆلاریزم و مۆدێنیزمەوە، تێپەڕی کرد بۆ باسی ڕزگاری ئینسانی.

مارکس دەڵێت:

"هیچ یەکێک لە ڕزگاریەکان هیچ نین، تەنها گێڕانەوەی جیهانی ئینسانی و پەیوەندیە ئینسانیەکان نەبێت بۆ مرۆڤ خۆی. ڕزگاری سیاسی [واتە لیبرالیزم و سیکۆلاریزم]، لەلایەک، کردنی مرۆڤە بە ئەندامێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵگای برجوازی، یان بە تاکێکی خۆپەرستی سەربەخۆ، وە لە لایەکی ترەوە، کردنێتی بە هاوڵاتی، بە کەسێکی مەعنەوی.

ڕزگاری ئینسانییش وەدی نایەت تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە ئیتر مرۆڤ لەوە دەرئەچێت هاوڵاتیەکی ڕووت بێت وە دەبێتە ئەندامێک لە کۆمەڵگادا، وە کاتێک دەچێتە ناو  هێزە تایبەتیەکەی خۆیەوە بەو وەسفەی هێزێکی کۆمەڵایەتیەو ئەو هێزە ڕێکدەخات، ئیتر ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەیش لە هەیئەتی هێزێکی سیاسیەوە [واتە دەوڵەت] لێک دانابڕێنرێت. تەنها لەوکاتەدا ڕزگاری ئینسانی وەدەست دێت.

مارکس، حول المسألة اليهودية، ١٨٤٤